## نیگاکانی بیدەنگی

گەر سەرەتای کیو یەکەم بەردبێ، هی ئینسانیش یەکەمین ژان، دەبێ نیگا سیحراویە بێو دمەکان کە دڵ رامی کردبوون، سەرەتای ئەم خەیالە جوانە بیت بۆ عیشقیکی سوریالی

هاوریم، لیم ببورە، کە زۆر لەمیژە حەزیکت بەتەنیایی لەسینەدا حەشاردداوە. وەکو سکلی ناو ژیلەمۆ ئەمرۆ سبەیت پیکردووە من دەزانم تۆ سۆپەرمانی عیشقی، بەڵام دیلی یاساو سوننەتە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگای. منیش بونیادم پرە لەعیشقو خەیاڵو رۆمانسیەت. بەڵام زۆرجار لەنیگاکانی عیشق ناگەم. وەکو چۆن پەروانە چەند عاشقە، بەڵام لەسیحری سوتان بەشوعلەی چرا تیناگاتو شەپۆل لەعیشقی کەنار تیناگات.

من قەقنەسیکم دەچریکینم، دەچریکینمو لەناخما هیدی هیدی دەسوتیم. بەڵام هەرگیز نەمویستوە بەوشەیەکی زبر دلی تۆی پەروانە بریندارکەم نەکا دوایی دەست نەکەون ئەو وشانەی کە باڵای جوانی تۆیان پێ ریکدەخریت، بۆیە بیدەنگیم کردە ریچکە، زۆرجار لەسیماو هەناسەو ئەوینی فریشتەیی تۆم روانیوە.

بەڵام.. پاشان تیگەیشتم، کە تۆ دەتەوێ سۆپەرمانی عیشق بیو یاسا سواوەکان تورەهلدەی. بۆیە هاتیو بەبێ دەنگی پیت وتم (..!)و وتت؛ ناکرێ هەر (ئیوە) لەهەموو شتیك دەستپیشکەربن. دەکرێ (ئیمە)ش ئەوشتە بین کە حەز دەکەینو بویتە پیشەوای شۆرشی عیشقو خواوەندی جوانی. بۆیە منیش بریارمدا لەبەرامبەردا تا شایانی ئەو گەوردییەی تۆیم، خۆشم بوییتو بتپەرستم، شیعرت بۆ بلیمو هەموو نەغمەیەکی جوانو چاریکی کاڵ، وەرزیکی جاویدانیو سیمفۆنیایەکی هیمن، تەمەنوسۆزو وەفا. پەروانەو گوڵو دەریاو نیرگزو خواوەندو جوانی بەتۆ بزانمو ئەو پەخشانەشت بۆ بنوسم..

**کاڵێ**

## پەیمانگەی ACE بۆ پێگەیاندنی وەرگێڕکاران دەکرێتەوە

لەپێناو بەرەودان بەرەوتی وەرگێڕانو ئاوەڵاکردنی کوردستان بەرووی دنیای هاوچەرخی ئەمڕۆدا، (پەیمانگەی ACE بۆ پێگەیاندنی وەرگێڕکاران) مزگێنی دەداتە هەموو ئەو خۆشەویستانەی خوازیارن بەشێوازێکی زانستیو ئەکادیمیانە فێری زمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، فارسیو تورکی) بنو دواجار ببنە وەرگێڕێکیش لەم زمانانەدا.. هەر لەم چوارچێوەیەدا (پەیمانگەی ACE) کارگوزاری ئینتەرنێتو کۆمپیوتەری لەناو خۆیدا بۆ فێرخوازان دەستەبەرکردووە، بەمەبەستی بەدەستخستنی هەرچی سەرچاوەی زیاترە لەو بارەیەوە.. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی پەیمانگەی ACE بکەن لە:

**عەلی ناجی**
**گەڕەکی ژمارە ١٠٣ - کۆڵانی ٤٧**
**خانووی ژمارە ٢٠**
**ت: ٣١٢٨٨٣٧**

## بلاوکراوەی نوێ

## بلاوکراوەی نوێ

چۆپی فەتاح

# دەنگیك لەهەناسە گەرمەکانی کلاسیکەوە

(چۆپی فەتاح) ئەو کیژە هەست ناسکەیە کە لەهەولدایە بۆ بەرەوپیش بردنی هونەرەکەی لەبواری گورانی ووتندا، چۆپی بەدەنگە ناسکەکەی گۆرانیە کلاسیکییەکان نوێ ئەکاتەوەو چۆپی هەر لەتەمەنی منداڵییەوە حەزی لەگۆرانی وتن کردووە، کاتێ چۆپی تەمەنی ٣ ساڵان بووە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە لەگەڵ دایكو باوکی شاری کەرکوك بەجێ ئەهێلنو ماوەی (١٥) ساڵە لەهۆڵەندا نیشتەبووە، چۆپی لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە چووەتە تیپیکی گۆرانی لەشاری (هایلۆ) لەهۆڵەندا کە لەگەڵ گرووپیکدا بوو هەندێ جار گۆرانی (سۆلۆ) دەدرا بەچۆپی، لەسیانزە ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی دەنگو دوو ساڵ دەنگی خویندووە بۆ ئەوەی بتوانێ بەشیوەیەکی زانستیانە فیربێ، لەتەمەنی شانزە ساڵیدا چۆتە ئەکادیمیای کوردی لەئەلمانیا لەوێ زیاتر گویی پربووە بەگۆرانیو مۆسیقای فولکلۆری کوردیو هەر لەویش بەمامۆستا ووریا ئەحمەد ئاشنا دەبێو ئیتر کاری هونەری چۆپی لەویوە دەست پێ دەکات، چۆپی سەرقالی نۆمارکردنی سیدیە تازەکەیەتی کە بەنیازە لە ٢٠٠٣دا بڵاوی بکاتەوە، چۆپی زیاتر لە (٢٠) گۆرانی فۆلکلۆرو لاسایی کردنەوەی تۆمارکردووە، چۆپی ئاهەنگی لەئەلمانیاو سویدو هۆلەندا لەگەڵ هونەرمەندان (عەدنان کەریمو ناسرو مەرزییەو شوان پەروەرو نەجمەدینی غولامیو گوڵستان پەروەرو فەیزی نەژادی) ئاهەنگی گێڕاوەو ئێستاش بەردەوامە.

**ئا: هەرێز**

## سیحری جوانی

**خانمەکەم:**

تا زەردەخەنەکانت دڵڤێنەرو پڕ جادوو سەرنجراکێش بن، بەردەوام گرنگی بدە بە ددانەکانت، چونکە زەردەخەنە هۆی نەهێشتنی هیلاکی ماسولکەو دەمارەکانە. لەلایەن پزیشکیشەوە دەرکەوتووە کە لەکاتی گرژبوونو تورەبووندا روخسار پێویستی بەتوندبوونی (٤٣) ماسولکە هەیە، بەڵام لەکاتی پێکەنیندا پێویستی بەتوندبوونی (١٧) ماسولکە هەیە، لێرەدا دەبینین کە فشارە دەروونییەکە دووجارو نیو کەمتر دەبێت لەکاتی پێکەنیندا. هەموو ئەمانەش بەدەرکەوتنی بەشێك لەددانەکانی بەشی پێشەوەت ئەبێت بەشێوەیەکی رێك و پێك و بەرەنگی سپی بریقەدار وەکو (مرواری) لەنێوان لێوەکانتدا.

**سەوسەن**

## یەکەمین فلیمی (کوردی ـ هۆڵەندی) نمایش دەکرێت

**بۆ یەکەم جارو لەیەکەم ئەزموونداو فیلمێك بەزمانی کوردی ـ هۆڵەندی بەرهەم دەهێنرێت، ئەم فیلمە لەرۆژی ٦/٢٢ەوە لەدوو کاتدا (٦ی ئێوارەو ٩,٥ی شەو) لەسەر شاشەی هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان نمایش دەکرێت. ئەم فیلمە لەنواندنی هونەرمەندان (شەماڵی عەبە رەش، شادان فوئاد، لاڤە ئەکرەم)و بەهاوبەشی کۆمەڵێك هونەرمەندی هۆڵەندی، لەوانە (کۆفەندژڤین، ساسکیا پالین)و کۆمەڵێك ئەکتەری تر.**

**ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لەکێشەی خێزانی کورد دەکات لەهەندەران لەرووی گرفتی زمان، نەبوونی ئیقامەو کێشەی کەلتور، پاشئەوەی کە ئاوارەیی کوردو دروستبوونی جالیەی کورد لە ئەوروپا وەك بابەتێك لەزۆر بواردا قابیلی گرنگی پێدانە. دەرهێنانی فیلمەکەش لەلایەن هونەرمەند (ئەکرەم سلێمان)ەوەیە، (SKG) کەکۆمپانیایەکی (کوردی ـ هۆڵەندی)یە، بەرهەمهێنانی فیلمەکەی لەئەستۆ گرتووە، هەروەها بڕیارە ئەم فیلمە لەمانگی تەموزدا لەشارەکانی ئەوروپا نیشان بدرێت.**

**ئا: سیروان**

## وەنەوزی چاوەڕوانیی

ئەوشەوە تابەیانی لەحەسرەتی دەستپێکردنی ئاهەنگی یادی رۆژی جیهانی منداڵاندا خەو نەکەوتە چاوەکانت، بەیانی بوو بەهەنگاوی یەکجار گەورە بێ ئەوەی تاڵە ئاڵۆزەکانی قژت شانە بکەیت بە راکردن خۆت گەیاندە ئامێزی ئاهەنگەکە بۆ ئەوەی گوێیەکانت بەئاوازی پادەوریەکانی رۆژی جیهانی منداڵان تێر ئاواز بکەیت بۆیە لەسەرەتایی چاوەڕوانی دەستپێکردنی ئاهەنگەکە پێڵوی چاوە ماندووەکانت وەنەوزی قورسی تێکەوت، نەترازانی هەناسە سواربووەکانی ئەو راکردنە لەناکاوێك خەوێکە بێ ئاگا دەخاتە چاوە پڕ چاوەڕوانیەکانتو بەردە بچکۆلانەکەی ژێیشت لێ دەبێتە پێخەفێك و لەخەوێکی سەر پێیانەدا تاکۆتایی ئاهەنگی رۆژی جیهانی منداڵان دێتە خەونت.

وێنەگرتن و نوسینی/ شێخ عەبدوڵلا

# با هەڵبژاردنی ٩٢ لەیادکەین

کە هەڵبژاردنی ٩٢ سازدرا، ئێمە ناوی مەلا موستەفاومامەریشەمان بەر گوێ کەوتبوو، تەسەورمان بۆ پێشمەرگەو شۆڕش لە تورەیی‌وعینادی مەلا مستەفاو گەرمی لولەی تفەنگی دژ بەبەعسی مامەریشە تێپەڕی نەکردبوو، ئەوکات چاومان لەسەر بینینی جوانیەکانی پێشمەرگەو ناشرینیەکانی بەعس نەصب کرابوو، بەبیری کەسماندا نەدەهات کەلەکوێ بەرژەوەندی هەبوو ئیدی لەوێش ناشرینیو جوانی پێکەوە حازرن.

سەردەمی هەڵبژاردنی ٩٢حیزبەکان جگە لە ئالا ڕەنگاوڕەنگەکانیان هیچ ئەجندەو پرۆگرامێکی خۆیان نەخستبوە بەردەممان، ئەوان لەچەند مانگی پێش هەڵبژاردندا نەیانهێشت چاومان جگەلە سەوزیو زەردیو گوێیەکانیشمان جگە لەسروە حیزبییەکانو دەهۆڵە گەرمەکەی(سەید محەمەدی سەفایی) زیاتر ببیستێت. ئەوسا باوکمان نەبێت کەس یەکیتیو پارتیو شیوعیو حسکیان نەدەناسی، چەند مانگی ئەوەلی پیش هەڵبژاردنیش حیزبەکان کەرویشکانە زاوزییان دەکرد بۆیە ئیمە هەرگیز فریای خویندنەوەی هیچ بەرنامەیەکی حیزبی نەکەوتین بۆ هەڵبژاردن، هیندە نەبیت زۆربەمان دەنگمان بۆ مانەوەی پیشمەرگە شاخاوییەکانو نەهاتنەوەی بەعسدا. ئاخر ئیمەی گەنج ئەوسا منداڵ بووین بۆیە تاکە شانازیمان ئەوە بوو کە کامان زوتر لەوەی ترمان پەنجەی دەنگدانی مۆر ئەکرد.

بۆیە ئەوەی کە پیی دەوترا پیویستی پیش وەختی هەڵبژاردن هەر لە بوونی ئیستقراری سیاسی وماوەی تیگەیشتنو ناسین لە ئەجندەو بەرنامەی پارتە بەشداربووەکان هەتا دابین کردنی ئاسایشی هەڵبژاردنو چاودیری بیلایەنو مافی پروپاگەندەی هەڵبژاردن، هەموو ئەمانە مانای نەبوو تەنانەت دواتر دەرکەوت کەپەلە پەلی پارتەکان لە رازاندنەوەی خوانی دەستەلات نەبوو بۆ میوانداری هەموو هیزو لایەنەکان، نابەلکو پەلەکردن بوو بۆ ناشتنی تەرمی بەرەی کوردستانیو کردنە دەرەوەی یەکتر لەبازنەی دەستەڵاتدا، لەکاتیکدا کەدواتر دووبارەنەکردنەوەی هەڵبژاردن، سەلماندی ئەمان هەندەسەی دەستەلات وەك بازنەی داخراو دەبینن نەوەك راستەهیلیکی کراوە.

ئیمە تەمرۆ بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەکوردستاندا ئەنجام بدەین، بۆ ئەوەی دیموکراسیەتی راستەقینە لەسەری دیریکی تازەوە دەستپیبکەین، بەناچاری دەبیت هەڵبژاردنی ٩٢ لەیاد بکەین. تا ئەو ساتەوەختەی ئیمە پیمان وابیت پیشتر شتیکمان کردەوەو ناوی دیموکراسیەتو مەدەنیەتوئمونەو هەڵبژاردنی ئازادەو.. هتد، پیم وانیە نیەتی تیپەراندنی خۆمان هەبیت، تاوەکو نوقتەیەك بۆ ئەم دیرەی ئیستامان دانەنین، تا داهاتوی سیاسیمان بە فاریزە بەم دیرەی ئیستامانەوە گری بدەینەوە، مانای وایە کە ئیمە خالە لاوازەکانو رەگەزە نەشیاوەکانی ئیستامان دەگوازینەوە ناو داهاتوو.

ئیمە لە٩٢ دا هەڵبژاردنیکمان لەکوردستان سازدا (کە سەرباری گرنگی ساتەوەختە سیاسیەکەی) هەموو شتیك بوو تەنها هەڵبژاردن نەبیت "بەمانا سیاسیە هاوچەرخەکەی" ئەوەی سالی ٩٢ گیرامان پتر مەراسیمیکی ئاهەنگسازیانە بوو، رەشبەلەکیك بوو بە بۆنەی دەرپەراندنی بەعسەوە، ژوانیکی جەماوەری بوو بۆ تەماشاکردنی باق‌وبریقی دیموکراسیەت، کردنی شتیك بوو کە بەعس حەزی لیینەبوو، تاقیکردنەوەی تاقینەکراوەیەك بوو، یان هەموو ئەم شتانە بوو پیکەوە بەلام دلنیاین ئەو ئیمتحانە نەبوو کە لەناو دنیای دیموکراسیەتدا تاقی دەکریتەوە.

ئیمە تاوەکو سیفەتی براوەیی لە دوو حیزبی هەڵبژیردراوی ٩٢ وەرنەگرینەوە ناتوانین لەمەولا دلیرین بۆ ئیمتحانە سەختەکانی دیموکراسیەت، تا کارتی بەیەکەمو دووەم دەرچوون لەو دوو قوتابیە وەرنەگرینەوە ناتوانین تاقیکردنەوەی تازە بکەینەوە، بەتایبەت کە بەم دواییە دەرکەوت هەردوو حیزبی دەستەلاتدار خراپ ماناکانی ئەو هەڵبژاردنە بەکاردەهینن، ئەوان لەبری ئەوەی چیرۆکی نەزۆك بوونی ئەو هەڵبژاردنە بۆ پیداچونەی کۆی سیاسەتو سەلاحیەتە یاساییەکانی خۆیان بەکار بهینن، کەچی تا ئیستا بی هودە زاخاوی خۆیانی پیدەدەنەوەو لایان وایە دەکریت هەڵبژاردن پەیژەیەك بیت بۆ گەیشتن بە بورجی تاکەحیزبی (دیکتاتۆریەت)! مەگەر تەماشاکردنی یەکیتیو پارتی بۆ خۆیان تا ئەم ساتەوەختە بە دوو حیزبی هەڵبژیردراو بریتی نییە لە ئەتککردنی گرنگترین پرەنسیپی دیموکراسی؟ کە ئەویش پرەنسیپی "ماوە حوکم کردنە" واتە ماوەیەك کە پیشتر پەرلەمان دەستنیشانی ئەکات بۆ هەر هیزیکی براوە کە زۆربەی جار لە چوارسال تیپەر ناکات. رەنگە هەڵبژاردنی دیموکراسی لای ئەم دوو حیزبە وەك ئەو بەیعەتە وابیت کە لەمیژووی تۆتالیتاریەتدا بە لایەك دەدریتو ئەویش وەك ئەنجامیکی براوەو هەمیشەیی تیبیدەروانیت، بۆ ئایا بەهیز ترین پایەی دیموکراسیەت ژیانی فرەحیزبی نییە؟ وەختیك هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەبیتەوە ناوبژیوانیکی سیاسی بۆ کردنەوەی بازنەی دەستەلات لەبەردەم زیاد لەهیزو حیزبیکدا؟

ئیمە نامانەویت جاری هەڵبژاردن بکریتەوەو دژی مەنیقی پەلە کردنین لەسازدانەوەیدا، تاوەکو بەدەردی هەڵبژاردنی ٩٢دا نەرواتەوە، بەتایبەت ئەو مەنتیقە دەستکورتەی هەندیك سیاسی یان راستر حیزبی تەماشای پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی پیدەکەن وەك ئەوەی هەڵبژاردن چارەسەری سیحری کیشە سیاسیو ئابوریو کلتوریەکانمان بیت. ئیمە پیش هەڵبژاردن داوای پرۆسەی گۆرانو چاکسازیو سرینەوەی زۆر لەو بەهایانە دەکەین کە لەناو ژیانی سیاسیماندا قەلەو کراوە، لەراستیدا هەڵبژاردن هەنگاویکە دەبیت دوای دونیایەك هەنگاوی پیش وەختی دیموکراسیانە بیت، نەوەك بە هەنگاوی یەکەمو ئەخیری دیموکراسیەت تەماشابکریت وەك هەڵبژاردنی ٩٢، ئیمە دەبیت سوری ژیانی دیموکراسیەت لە چوارچیوەی هەڵبژاردندا قەتیس نەدەین، دەبیت چاومان لەئەمسەری دیموکراسیەت بیتو ئەوسەریشی نەبینین، نەبا وەك سارتەر مان لیبەسەربیت وەختیك داوای رای لیدەکەن لەسەر جیاوازی پارتە سیاسیەکانی ئەوسای فەرەنسا ئەویش دەلیت: جیاوازی پارتەکانمان وەك جیاوازی نیوان جگەرە وایە باشو خراپیان هەیە یان خۆش‌و ناخۆشیان هەیە، بەلام هەموویان زەرەر لەتەندروستی مرۆڤ دەدەنو هۆکاری توشبونن بە سەرەتانو نەخۆشیەکانی سی.

**توانا عوسمان**

## ئاگاداری

وەك پێشتر ئاگادار بوون کەوا بۆ ئەم ساڵیش نیازی سازدانی خولی دووهەمی قستیڤاڵی ساڵانەی (چوارچرا) بۆ گۆرانی کوردیمان هەبوو کە بڕیار وابوو لە رۆژانی ٢-٢٠٠٣/٣/٥ لە شاری سلێمانی ئەنجام بدرێت، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەوسای کوردستان نەکرا کارەکە لەکاتی خۆی ئەنجام بدرێت ئەوەبوو لە دانیشتنێکی بەرفراواندا بە تێکرای دەنگ بڕیاری دواخستنی کارەکانی فیستیڤاڵ درا بۆ کاتێکی گونجاوو لەبار. ئێستا دوای گەڕانەوەی ئارامیو ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکە دووبارە بڕیاری وەگەرخستنەوەی کارەکانی قیستیڤاڵماندا کە وا خولی دووهەمی قیستیڤاڵ لە کۆتایی مانگی ئەیلول لە رۆژانی (٢١ تا ٢٠٠٣/٩/٢٤) لە شاری سلێمانی ئەنجام بدرێت. ئێوەی بەڕێزیش دەتوانن لەرێگای خۆتانەوە هونەرمەندانو رۆشنبیران ئاگادار بکەنەوە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەو دەستەبەرکردنی دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداری‌کردن لە خولی دووهەمی قستیڤاڵی (چوار چرا) بۆ گۆرانی کوردی.

**عیرفان عبدالرحمان زەنگەنە/ بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای چوارچرا**

### کاوە ٢١-٣/٢٠-٤

دەتوانیت بەشداری لەهەندێك چالاکی فکریدا بکەیت. دەبێت پێش ئەوەی دوا بڕیار بدەیت بەباشی لەمەسەلەکان بکۆڵیتەوە. پێویستە بەسەبر بیت.

### گا ٢١/٤/٢٠-٥

رەنگە سروشتە سەرنج راکێشەکەت خەڵك رابکێشێت بۆلات. کۆمەڵێك کێشەی کۆن بەقازانجی خۆت چارەسەر دەکەیت کە پەیوەندیان بەماڵو خێزانەکەتەوە هەیە.

### دووانە ٢١/٥-٦/٢٠

دوور لەچاوی خەلك کارەکانت بەئەنجام بگەیەنە. هەفتەیەکی گونجاوە بۆ بەشداریکردن لەهەندیك بۆنەی کۆمەڵایەتیدا. دوو دڵو رارا مەبە.

### قژاڵ ٢١/٦-٧/٢٠

پێویستت بەکاتێکی زیاترە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بیربکەیتەوە. رەنگە لەگەڵ هەندێك لەئەندامانی خێزانەکەتدا توشی کێشە ببیت.

### شێر ٢١/٧-٨/٢٠

گرنگی بەوردەکاییەکان بدە، ئەگەر پەیرەوی لەرێساکان نەکەیت رێگریت بۆ دروست دەبێت. موجازەفەی ماددی دەبێتە هۆی زیانێك کە رەنگە قەرەبوو نەکرێتەوە.

### فەریك ٢١/٨-٩/٢٠

پیویستت بەجیگەیەکی فراوانترە بۆ هەموو خیزانەکەت. دەتوانیت بەباشترین شیوە هەر پرۆژەیەك کە دەتەویت، بەئەنجامی بگەیەنیت.

### تەرازوو ٢١/٩-١٠/٢٠

گەشتو سەیرانەکانت بواری ئەوەت بۆ دەڕەخسێنن کە هاوڕێی نوێو هەمیشەیی بدۆزیتەوە. دەرفەتێکی باشە بۆ هەواڵی خۆش لەدوورەوە.

### دوپشك ٢١/١٠-١١/٢٠

ئەگەر چاوەڕێی یارمەتی خەڵکیت، تووشی نارەحەتی دەبیت. ئەم هەفتەیە قسە زۆر دەکەیت، خۆشویستەکانتو ئەندامانی خێزانەکەت فەرامۆش مەکە.

### کەوان ٢١/١١-١٢/٢٠

کەمیك لەماڵەوە بحەویرەوە، خۆت لەهەموو رەفتاریکی سەیر بپاریزە چونکە دەبیتە هۆی گۆشەگیر بوونت. بەخشندەیی خۆت بەخەڵك مەفرۆشە.

### گیسك ٢١/١٢-١/٢٠

ئەم هەفتەیە هاوسەرەکەت پارەیەکی زۆرت پێ سەرف دەکات. پێویستت بەوەیە کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانتدا لەدەرەوەی ماڵ بەسەربەریت.

### سەتڵ ٢١/١-٢/٢٠

ئەگەر هاوسەرەکەت لەهەڵوێستێکدا بەباشی رەفتاری نەکرد، زیادەڕەوی لەکاردانەوەتدا مەکە. هەوڵبدە هەندێك گۆڕان لەپلەو پایەی کۆمەڵایەتیدا بکەیت.

### نەهەنگ ٢١/٢-٣/٢٠

دەتوانیت بیرۆکەکانت جێبەجێ بکەیت، هەوڵبدە رێگە نەدەیت دوژمنەکانت زەرەرت پێ بگەیەنن. هێمن بەو بەباشی لەبارودۆخەکە تێبگە.